# تیـۆری ریـالزمی کلاسـیکی لـە سیاسـەتی دەرەوەو پێوەندیـە نێودەولەتیەکانـدا – Classical Realism Theory

تیۆری واقعی (ریالیزم) بە یەکێك لە دیارترین و گـرنگترین ئـەو تیۆریانـە دادەنرێت کـەوا کۆنترۆڵی رەفتاری سیاسی دەرەوەی ئەمریکای کردووە لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهان تـا رۆژگاری ئەمرۆ، تا ئێستاش ئەم تیۆرە حوکم دەکات لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەگـەڵ قوتابخانەی ریالیزمی نویٚ.

## 1. بنەما فیکرییەکانی تیۆری ریالیزم

رەگوریشـە مێژوویەکـانی ئەم تێـۆرە سـەرچاوەکانی دەگەرێـتەوە بـۆ بیری ثیوسـیدیدس و چەنـد بیرمەندێك:

- **بنەما فەلسـەفیەکانی بیرمەنـدە سیاسـیە کۆنەکان، بـۆ نمـوونە ثیوسـیدیس لە کتێبی مێژووی جەنگی پلۆپوۆنیری 431-404 لە نێوان ئەثیناو ئیسپارتە.**

لـە کۆتاییـدا گەیشـتە ئـەو ئەنجامـەی کـەوا جـەنگی بیلوبـونیری هۆکارەکـەی زیـادبوونی هێـزی سـەربازی ئەسـینا بـوو بـەو رادەیـەی بـووە هەڕەشـەیەکی راسـتەوخۆ بـۆ سـەر ئەسـبارتە. ئـەو جەنگەی نێوان ئەسـینا و ئەسـبارتە تـەوەری سـەرەکی دیراسـەکەی ثیوسـیدیس بـوو تـا تەئکیـد لەوە بکاتەوە کەوا پێشبڕکێی خۆ پڕچەککردن هۆکاری سەرەکی هەڵایسانی شەڕ بوو.

لەبەرئەوە پێشـبڕکێی خۆپڕچـەککردن و زیـادبوونی هێـزی سـەربازی دەوڵـەتێك هەڕەشـەیە بـۆ سەقامگیری دەوڵەتە دراوسێیەکانی و هۆکاری هەلگیرسانی شەڕە. وە لە چوارچێوەی تێـڕوانینی ثیوسـیدیس بۆ جەنگی بیلوبونیری، جـەنگ ئـەنجامی ئـەو گۆڕانکارییـە رێکخراوانـە بـوو کـە لـە هێزی دەوڵەتە شارەکانی ئەسینا روویدا و سنوری هێزی دەوڵەتـە شـارەکانی ئەسـبارتای بەزانـد، بەمەش روودانی جەنگ بوو بـە ئـەمری واقیـع لـە چوارچـێوەی زیـاد بـوونی تواناکـانی ئەسـینا

بەرامبەر لاواز بوون و سنورداری تواناکانی ئەسبارتا، ئەمەش ببوە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری لە هەرەمی سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی ئەوکات لە بەرژەوەندی لایەنی یەکەم لە هاوکێشەی هێز.

روبرت کۆهین پێی وایە، گریمانە سەرەکیەکانی تیۆری واقعی روون و ئاشکران لە کتابی **ثیوسیدیس**، کەوا بکەری سەرەکی لە سیاسەتی نێودەولەتی بریتیە لە کیان و قەوارە هەرێمیەکان (دەوڵەتی شار) لەو قۆناغەدا، وە دەتوانرێت رەفتاری دەوڵەت بە شێوەیەکی عەقڵانی دیراسە بکرێت و دەوڵەت بە دوای هێزدا دەگەڕێت و لە ڕوانگەی چەمکی هێزەوە حسابی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات.

- **مکیاڤیلی، لە بارەی چەمکی هێزو جیاکردنەوەی لە ئەخلاق:**

لە سەردەمی ڕێنیسانس تیۆری واقعیەت بە شێوەیەکی ئاشکرا دەرکەوت لە بیری ماکیافیلی کە جەختی کردەوە لەسەر بنەماکانی **ثیوسیدیس**. ئەو تێڕوانینانەش لەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەگەر حاکم ویستی پاریزگاری لە حوکم بکات ئەوا واجبە لەسەری پابەند نەبێت بە لایەنی ڕەوشت و چاکەکاری و تواناکانی خۆی بخاتە کار بە گوێرەی پێویست. بەمەش ماکیاڤیلی وێنەیەك لە زهنی میر دەکێشێت لە کتابی (میر) کە دەبێت حاکم چەند خەسڵەتێکی تیا بێت تاکو بتوانێت ڕووبەڕووی سروشتی مرۆڤ و حاڵەتی شەڕ ببێتەوە، کە پێویستە میر واقعی بێت و تەنها لە مەیدانی واقیع بیر بکاتەوە.

- **تۆماس هوبس، بەرژەوەندی و هێز پێوەندیە سیاسیەکان ئاراستە دەکەن، کەوا تا بوارێکی نیە بۆ پرسە ئەخلاقیەکان.**

واقعیەت شێوەیەك وەردەگرێت کەوا بنیاد نرا بێت لەسەر کارەکانی هۆبز لە سەدەی حەڤدە. کە پێشەنگی بۆناکۆکیەکان دەگەڕێنێتەوە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، وجەخت دەکاتەوە سەر گێرەشێوێنی و ئاژاوەگێڕی کە لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە.

ئەو واقعەی هۆبز تیایدا ژیا جەنگێکی ناوەخۆ بوو و کاریگەری خستە سەر بیرکردنەوەی ئەو، کە ئەوەش وایلێکرد بە دوای هۆکارەکانی رێگەگرتن بگرێت لە دووبارە بوونەوەی ئەم رووداوانە ئەویش بە سەپاندن و دروستکردنی دەسەڵتێکی سیاسی بەهێز کە خۆی بسەپێنێت بەسەر خەڵك و یاسایان بۆ دابڕێژێت و هەمووان پێوە پابەند بکات بە رێزگرتنی مافەکانی ئەوانیتر و بە ئاشتیانە ژیان لەگەڵیان.ئەم واقعە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر بیرکردنەوەی هۆبز.

هۆبز بایەخێکی زۆریداوە بە کاریگەری هێز لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەهەمان شێوەو بەرنامەی ماکیاڤیللی، کە پێی وایە هێز فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە لە رەفتاری مرۆڤ. وە بۆ بەهێزکردنی چەمکی هێز لای هۆبز پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەگەڵ گریمانەکانی قوتابخانەی ریالیزمی کە لە رەگوریشەیی خۆیدا پشت دەبەستێت بە حاڵەتی ئاسایی لای هۆبز.

- **هانس مۆرگانساو Morgenthau**

دامەزرێنەری تیۆری ریالیزمە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، جەخت دەکاتەوە سەر بیرۆکەی هێز لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، پێی وایە کاروباری جیهانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بە هەمان شێوەی کاروباری جیهانی سیاسەتی ناوەخۆ جیهانێکی ململانێیە لە پێناوی هێز، هێزیش ئامانجی سەرەکی و بەردەوامیەتی.

مۆرگنساو بۆ تێگەیشتن لە چەمکی هێز لە سیاسەتی نێودەوڵەتی، تێڕوانینێکی دیاریکراوی پێشکەش کرد بۆ هەموو شێوازە ململانێیە جیاوازەکان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە گوێرەی ئەم بۆچوونە دەوڵەتان ململانیچ و کێبڕکێ دەکەن لە پێناو ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

1- سیاسەتی پارێزگاری کردن لەو باردوخەی کە لە ئارادایە.

2- سیاسەتی فراوانخوازی داگیرکەرانە.

3- پشتیوانیکردنی پلەوپایەی دەوڵەت لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

## 2. سەرهەلدانی ریالیزم وەك تیوَرێك بۆ شروڤەکردنی پێوەندیە نیودەولەتیەکان و سیاسەتی دەرەوە:

- لە کوتایی سیەکانی سەدەی بیستەم دەرکەوت بەتایبەت دوای هاتنی فاشیەت و نازیەت لە ئەلمانیاو لە ئیتالیا.
- شکستهێنانی کوَمەلەی گەلان (عصبة الامم) بە تایبەت کە نەیتوانی رێگربێت لە رووداني جەنگی جیهانی دووەم، ئەمە وەك شکستێك لەسەرتیوَری ئایدیالیزم حساب کرا.
- بەردەوامبوونی جەنگی سارد زیاترتیوَری ریالیزمی هێنایە پێشەوە.

## 3. ئەو بنەماو پرەنسیپانەی ریالیزمی لەسەربنیاتنراوە پشت دەبەستێت بە چەند گریمانیەیەك:

1- سروشتی مروڤ لە بنەرەتدا سروشتێکی شەرانگێزو نەگوَرە، ئەم رەفتارانەشی لە بواری سیاسەت و حوکمداریدا رەنگدەداتەوە

2- دەوڵەت ئەکتەرو یەکەی سەرەکیە لە پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتی دەرەوە.

3- سروشت و پێگەی جیوگرافی دەولەت کاریگەری دەبێت لەسەررەفتارەکانی دەولەت و دو اتریش تو اناکانی دەولەت کە دواجاررەنگدانەوەی دەبێت لە سیاسەتی دەرەوەو پێوەندیە نێودەولەتەکانی. بە تایبەت پێگەی ئابوریء پیشەسازی چونکە کاریگەری راستەوخوی هەیە لەسەرهێزی دەولەت.

4- ئەگەرچی پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەخلاق بەشێوەیەکی گشتی و ئەخلاقی سیاسی دەولەت، بەڵام لەگەل ئەوەشدا پێویست ناکات دەولەتء سەرکردەکانی گرنکی بدەن بە ئەخلاق لە کاتی دارشتنی سیاسەتء بریاردا.

5- سیاسەتە نێودەوڵەتیەکان یان سیاسەتی دەرەوە گرنگی زۆرترەوە کاریگەرترە لە سیسەتەکانی ناوەخۆ (International politics more important than domestic politics)

6- پێویستە دەوڵەت گرنگی بدات بە هێز- power بۆ دابینکردنی ئاشتی جیهانی، چونکە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی لە ڕێگای هێزەوە سەقامگیر دەبێت نەك لە ڕێگای بوارە ئەخلاقیەکان وەك ئەوەی ئایدیالیستەکان باسی دەکەن. بە تایبەت لە ڕێگای بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان هێزەکان.

7- فاکتەری سەرەکی هێزی دەولەت بریتیە لە توانا ئابوری و سەربازیاکانی، ئەمەش بۆ دواجار ڕۆڵی دەبێت لە دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان.

## 4. هەڵسەنگاندنی تێۆری ریالیزم

- خالە بەهێزەکانی (نقاط القوة)

1- هێزبنەماییکی یەکلاکەرەوەیە لە پێوەندیە نێودەولەتیەکان کاریگەری هەیە لەسەرئاراستەکردنی ڕەفتاری دەولەتان.

2- ریالیسەکان ڕاشکاوانەترقسە دەکەن لە سیستمی نێودەولەتی پیوەندیە نێودەولەتیەکات کە زیاتر لەگەل واقع دەگونجێت.

3- دەولەت تا ئیستاش یەکەیێکی سەرەکی پیوەندیە نیودەولەتیەکان و سیاسەتی جیهانین.

4- بوونی هەماهەنگی (التنسيق والتطابق) پتەولە نیوان تێوروپراکتیکدا، کە بەدەگمەن لە تیورەکانی تردا هەیە.

- خالە لاوازەکانی (نقاط الضعف)

1- بەستنەوەی چەمکی بەرژەوەندی بە چەمکی هێز، لەکاتێکدا بەژەوەندی دەکرێت بگۆردرێت بە بێ گۆڕانی هێز.

2- ریالیستەکان هاوسەنگی هێزبە بنەمای سەرەکی سەقامگیری سیستمی نیودەولەتی دادەنێن لە کاتیکدا میژووشتیکی ترمان پیدەلێت بۆ نموونە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم روویدا هەرچەندە هاوسەنگی هێزیش هەبوو.

3- فەرامۆشکرنی ئەخلاق کەلێنیکی ترە کە ناتوانێت لە سیستمی ئیستای جیهانی دونیای ئیستای سیاسەتی دەرەوەدا وەلاوە بنرێت.

4- فەرامۆشکردنی رول و کاریگەری ئایدولۆجیا وەك فاکتەرێکی سەرەکی لە ئاراستەکردنی پیوەندیە نیودەولەتیەکان، چونکە لە روانگەی ئەوان هێزو بەرژەوەندی ئەو روڵە دەگێرن نەك ئایدوَلوَژیا.

5- فەرامۆشکردنی رولی کاراکتەرە نادەولەتیەکان لە سیستمی نێودەولەتی و پێوەندیە نیودەولەتیەکاندا کە ئێستا رولێکی زوَرکاریگەریان هەیە شانبەشانی دەولەتان.